# دیدار

**دەرباز یونس**

ئەوا یەک مانگ بە سەر یەکەم دیدارمان تێپەڕی و
کەچی تا ئێستا لێم وونی ...
من ئەمزانی خۆشم ئەوێی
بەڵام هەرگیز نەمزانیبوو کە بە بێ تۆ ڕۆحم هەست ناکا بە بونی ..
ئاخۆ ئێستاکە تۆ لە کوێی ؟!
دڵ چۆن بتوانێ پێت بگات ...
خۆی و شیعرێ ببن بە ماچ
تا لە لێوتا هەروەک و مەل بفڕێ و لە شەقەی باڵ بدات ...
ئەمڕۆ ئاوێتەی شیعرێ بووم
گیانە لە شیعرەکە بیستم ...
شیعرەکانم لەم ڕۆژەیا کە تۆیان دی
هەر لەبەر تۆ خۆشیان ویستم ...
لەم مانگەدا کام ڕۆژی ڕەش وا بە ئاسان توانیویەتی
دڵی پاکی تۆ بگۆڕێ ...
هەر لەم ڕۆژەش وا هەست ئەکەم
شیعر و جوانی هێدی هیدی لێم ئەتۆرێ ...
ئەمڕۆ وا یادی یەک مانگە و
با لە تۆ پیرۆز بێت گوڵم ...
هیچ دیاریەکت بۆ نانێرم
با وەک دیاری لات بێ دڵم ...
توا دیاریەکەم وەرگرە
با ئیتر هەست نەکەم تەنیام ...
وەک دیداری بەر لە یەک مانگ
خۆت و دڵت وەرنەوە لام ...

---

## نیگای چاوێکی درۆزن
## یەکەم نیگا

کە چاوم خستە چاوانت ، چاوەکانم پێیان ووتم
تۆ بۆ پێی ناڵێی درۆزن ، چاوەکانت بۆ وا کزن ...
کاتی ئەم پرسیارەت نەدام
دەستەکانت خستە دەستم ...
لەو کاتەوە نیوە مەستم ...
پاشان ڕۆشتی ...
لە سوچێکی باخی گشتیا دانیشتی ...
دووبارە چاوم پێی ووتم
هۆ گێلە کوڕ ، بۆ نازانی کە ئەم دوو چاوەی ئەو دوو ڕوون ...
ڕووە سەوز و درۆزنەکەی بە ڕووی تۆوە و
ڕووە گەش و جوانەکەشی لە ژێر سەوزەکەیا خەوتوون ...
دەمم بە قسەی چاوەکانمی کرد و پرسی
تو ئەو خوایەی ئەیپەرستی
چاوانی تۆ ...
چاوی ڕاستە یا خود درۆ ...
گوێچکەکانم هیچ وەڵامێکیان لێت نەبیست
دڵم هەستی کرد کە پەستی ...
بە پەستیەکەت زۆر جوان بوی و
من زۆر زیاتر خۆشم ویستی ...
ئیتر بە چاوانی خۆم ووت کە وازبێنێ ...
چونکە درۆی چاوەکانی قەت ناتوانێ
ئەم ئەشقەم لە دڵ دەربێنێ ...
درۆی چاوانت بەس نەبوو
خەوم بە بێ وەفاییت بینی ...
دڵی تۆ چۆن دڵێکە کە نایەوێ
منێکی ئاشق ببینی ...
من بەڵێنم بە دڵم دابوو
کە وەک جاران بانگت بکەم بە دڵەکەم ...
چاوە سەوز و درۆزنەکانیش کە تۆرابوون
ئەمڕۆ تێر تێر ماچیان بکەم ...
ئێ گیانەکەم کە خۆشت نەتویست بێیت بۆ لام
دە دڵت بۆم بناردایە ...
تا دڵتم لە بری چاوت ماچکردایە و
لە نێو دڵم وێنەی دڵتم سازکردایە ...
بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی
بەری بوام لە ئەشقی خودا و
چووبام بۆ ڕێی دڵ پەرستی ...

## نایەیتەوە ؟؟

کە تۆ ڕۆشتی و دڵت گۆڕا ... !!
خەندە و خۆشی گشتی تۆرا ...
نایەیتەوە ... ؟؟
خەندە و خۆشی بێنیتەوە ... !!
هۆ ئەزیزم
دڵم پڕ لە سۆز و هەستە ...
یا بمبەستە ...
یا بوەستە ، ، ،
تەواو بەرگەی دووریت ناگرم
ئیتر بەستە ...